www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-2-2007 1:05

گروپی نالی نۆ ساڵ لە بەخشش. . . . . رزگار کۆچەر

rzgar_kochar@hotmail. com

دروست کردنی ودامەزراندنی گروپێکی هونەری کارێکی وا ئاسان نیە نەخاسمە ئەو کاتەش ولآت لە ناو هەندی قەیرانی سیاسی دابێت، دروست بوون و بەردەوام بوونی هەر گروپێکی هونەری پێویست بە پلان و چالاکی جۆراو جۆری هونەری دەکات تا ئەم گروپە متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێت، گروپی نالی لەم کاتەی دروست بوو جەماوەری کوردستان لە ناخۆشترین کاتی ئابوری و سیاسی دەژیان شەری براکوژی لە قۆناغەکانی پێش کۆتای دا بوو، ئەو کاتە جەماوەری کوردستان هەموویان گوێیان شل کردبوو تا کەسێك پەیامێکی ئاشتی هەڵگرتبێت، جا ئەو کاتە لەپاڵ چالاکیە سیاسیەکانی هەندی کەسایەتی ئاشتی خوازی گەلەکەمان گروپی نالی لە هانگاوێکی بوێرانە یەکەم چالاکی خۆی لەژێر دروشمی هیچ حزبێکی کوردستان نەکردوو قبولی پشتگیریی کەسیش نەکرد، ئەو کاتە بە نۆتەی مۆسیقای رەسەنی کوردی و دەست وپەنجە رەنگینەکانی کۆمەلێك هونەرمەندی کوردستان پەروەر یەکەمین کۆنسێرتیان لەناو جەرگەی شاری هەولێر بەناوی بەڵی بۆ ئاشتی ساز کرد، ئەو دروشمەی کە ئاشتی خوازانی گەلەکەمان دەمێك بوو دەیان ویست ببێتە زمانی عەقل و مەنتیق، ئەو کاتەش ئەم گروپە خۆشەویستە هەموومانی هێنا خرۆش و وای کرد گوێچکەکانمان بۆ چەند ساتێك دوور بێت لە دەنگی گولە ناشازەکانی هاوخەباتانی دوێنی و نەیارانی ئەو کات، ئێستاش گروپی نالی پی دەنێتە ناو نۆ ساڵ لە خزمەتکردن لە بواری مۆسیقای هونەری کوردی رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم گروپە لە جاران زیاتر بەخششی جوانمان نیشان دەدات، ئەو چالاکیە هونەریانەی ئێستا گروپی نالی ئەنجامیان دەدات رەنج وماندووبوونی وئەو بناغە بەتینەیە کە ئەم گروپە پێشتر بۆخۆیان چاندبوویان وئێستاش بەرهەمەکەی هەم خۆیان و هەم جەماوەری تینو بۆ هونەرێکی رەسەن دەی خوات، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم گروپە بەدەر هەموو گروپەکانی تری کوردستان خۆی لە سەرو سیمایەکی جوانی ئەندامانی ئەم گروپە دەبێنێتەوە کە ئەویش فەرامۆش نەکردنی جل وبەرگی رەسەنی کوردیە کە لە پاڵ ئاوزو گۆرانیە رەسەنەکانیان بۆتە هەنگاوێکی چاکی ئاوێتە بوونی ئاوازی رەسەن لەگەل فۆلکلۆری دەوڵەمەندی گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی تری ژیان. .

گروپی نالی پی دەنێتە ناو نۆ سال لە بەخشش کەچی هەندێك لە نا هونەرمەند بە جۆرەها پلان دەیانەوێت گرو تینی جوانی ئەو سەربازە وناناسەی حەزرەتی نالی لە گر بوستێنن و دەرزێك لە نێوان ئەندامە خۆشەویستەکانی ئەم گروپە دروست بکەن. . لە دومایش ئەوەی ئێستا لەسەر ئەندامانی گروپی نالی پێویستە باهەموویان باوەشی خۆشەویستی بۆ یەکتر بکەنەوە و گروپی نالی یش لە جاران جوانتر بکەن و کاکە شوانە و هەموو ئەوانەی بونەتە میژوویك لە گروپی نالی لە پال ئەندامانی ئێستای گروپ بە گرو تینێکی نوێوەو بێنەوە رێز نالی و خزمەتی پەیامی رەسەنی هونەری کوردی بکەن ودوور بن لەم بازارە رەشەی ئێستای هونەری کوردی. . . . کە تەنها مەکتەبەکانی گۆرینەوەی دۆلار و مەکتەبەکانی کرینی زەویو ئەرزە لە دوو را لە حاڵی خراپی هونەری کوردی دەروانن وپێدەکەنن. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.